زانکۆی هەڵەبجە
کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتیەکان
بەشی جوگرافیا
قۆناغی دووەم

# دەرامەتە سروشتیەکان

# ژینگەی سروشتی

ژینگەی سروشتی بەهەموو جۆرەکانیەوە(وشکانی و ئاوی و گەرم و سارد) شوێنی ئەنجامدانی چالاکەیە جۆرەو جۆرەکانی مرۆڤن و ژینگە سروشتیەکان جۆری ئەو چالاکەیە مرۆیە دیاری دەکات کەلەناوچەکە ئەنجام ئەدرێت ئەمەش بنەمای گەشەکردن و پێشکەوتنی شارستانیەتە.

گەران بەدوای دەرامەتە سروشتیەکان

دەرامەتە سروشتیەکان بەناهاوسەنگی و نایەکسانی لەگۆی زەیدا دابەشبوون (چەند دەولەتێک دەولەمەندن بەدەرامەتەکان چەند دەولەتێکی تر هەژارن)هەروەها دەرامەتەکان لەقولای جیاواز دان(هەندێکیان نزیکن لەسەر زەوی هەندێکی دیکەشیان دوورن لەرووی زەوی و پێویستیان بە تێچونی زۆرتر هەیە بۆ بەدەست هێنان و سود وەرگرتن لێیان) گەران بەدوای ئەو دەرامەتەنە دیارکردنی شوێنەکەیان پێویستی بەپشکنینی شوێنی هەیە هەروەها پێویستە سەرجەم ئامرازە پێویستەکان بەکار بهێنرێ.

جیمۆرفۆلۆجیا رۆڵی هەیە لەدۆزینەوەی دیاریکردنی جۆروشوێنی دەرامەتەکان:

1ـ گەران بەدوای نیشتوە کانزاکان دا

2ـ گەران بەدوای پەترۆڵدا

3ـ گەران بەدوای ئاوی ژێر زەویدا

4ـ گەران بەردا

5ـ گەران بەدوای لم وچەودا

دابەشبونی کانزاکان لەسروشتدا دەکەوێتە ژێر کاریگەری ئەم هۆکارەنەی خوارەوە:

1ـ جۆری ئەو بەردەی کەلەناوچەکەدا هەیە بەرپرسە لە دیاریکردنی جۆری کانزاکە

بەردی ئاگرین ــ کانزای فلزی لەخۆگرتوە

بەردی نیشتووــ کانزای نافلزی لەخۆ گرتوە

2ـ چینەکانی توێکڵی زەوی کەرووبەرووی جوڵەی جۆرەوجۆر بوونەتەوە توشی چەمانەوە شکان بوون

3ـ کرداری راماڵین دەبێتە هۆی دەرخستنی کانزاکان لەژێر چینە بەردەکاندا

لم لەسروشتدا بەچەند شێوازێک هەیە:

1ـ لمی رووباری:ـ ئەو لمەنە ئەگرێتەوە کەرووبارەکە لە ئاوزێڵەکە هەڵیگرتوە هێناویەتی بەتایبەتی لەکاتی لافاو دا لەسەر کەنارو دوورگەکان نیشتوە لم زۆر جار بەتێکەڵی لەگە چەو دایە بەقەبارەی جیاواز چین چین بەدوای یەک داهاتون لەدەشتە لافاوکردەکاندا هەیە بەقوورو لیتە داپۆشراون.

2ـ لمی دەریای:ــ لەرێگەی شەپۆلە دەریایەکان و تەوژمەکان وجوڵەکانی هەڵکشان و داکشان لەکەناری دەریاو زەریایەکاندا لم دێتە ناوچەی کەنارییەکان وەلەکەنارەکاندا دەنیشێ کە لێژیان کەمە بۆماوەیەکی درێژ رووبەرووی شەپۆل دەبنەوەو بەئاراستەی کەنارەکان

3ـ لمی بیابانی:ـ ئەو لمە ئەگرێتەوە کەبا لەناوچە بیابانیە فراوانەکەنەوە هێناویەتەوەلەناوچە نزمەکانی بیاباندا نیشاندویەتی یان لەئەنجامی بارانی بەهێزی بیابانەوە لافاو دروست بووەو لمی ناوچەکەی گواستۆتەوە لەدۆڵەکاندا کۆبوونەتەوە هەروەها رەنگەکەی سوور باوە یان زەرد بەزۆری چینێکی تەنکی رووی زەویەکە دادەپۆشن.

لەجۆرەکانی لم کەلەبیابان بونی هەیە لمی شووشە کەلە پیشاسازی شوشە بەکاردێ

# سەرچاوەکان:

١.کتێبی:جیۆمۆرفۆلۆجیای کرداری